ئەگەر بەیعەت وپەیمانمان بدایەتە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر گوێڕایەڵی کردن وجێبەجێکردنی فەرمانەکان، پێمانی دەفەرموو: لە هەرشتێک لە تواناتاندا هەبوو

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر بەیعەت وپەیمانمان بدایەتە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر گوێڕایەڵی کردن وجێبەجێکردنی فەرمانەکان، پێمانی دەفەرموو: «لە هەرشتێک لە تواناتاندا هەبوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات ئەگەر بەیعەت وپەیمانیان بدایەتە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیاندەکرد بە گوێڕایەڵی کردن وجێبەجێکردنی فەرمانەکان، گوێڕایەڵی کردن وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەست بە تواناوە، ئەگەر مسوڵمان فەرمانێکی پێکرا کە لە توانایدا نەبوو لە لایەن کاربەدەستەکەیەوە ئەوا لێرەدا واجب نییە کە ئەو فەرمانە جێبەجێبکات، خوای گەورە دەفەرموێت: {لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا}[البقرة: 286]، واتە:{خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک مەگەر بە هێندەی توانایی خۆی نەبێت}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6369